# مامەڵەی هێزە شیعەکان لەگەڵ بڕیارەکەی ICC لەبارەی نەوتی هەرێمی کوردستان

02-04-2023

**نووسەرەکان**

د. یاسین تەها

**کورتە** : بەگوێرەی ئاماژە و پێداگیرییە ڕاگەیێندراوەکانی هێزە شیعەکان لەم خولەی پێنجەمدا خوازیاری دۆزینەوەی چارەسەری بنەڕەتین بۆ دۆسیەی نەوت و بودجە و خستنەسەرپێی پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان

پاش دەرچوونی بڕیاری دادگەی نێوبژیوانیی نێودەوڵەتی لە پاریس، کە سەر بە ژووری بازرگانیی نێودەوڵەتییە - ICC، سەبارەت ڕاگرتنی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان بە سەربەخۆ، چ حکومەتی عێراق و چ هێزە شیعەکانیش لەئاست قەبارەی ئەم پێشهاتە ئاهەنگیان نەگێڕا، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە بەم هەنگاوە دڵخۆش نەبن و لە گرنگیی گەمارۆدانی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان تێنەگەن کە لە سەردەمی سەرۆکوەزیرایەتیی یەکەمی نووری مالیکییەوە (2005 - 2010) مەیدانێکی گەرمی کێشمەکێش و ڕاڤەی جیاواز و تاقیکردنەوەیەکی پراکتیکیی ناساندنی چەمکی فیدراڵیزمە نامۆکەی عێراقە، کە تەنیا یەك هەرێمی تێدایە.

بەگشتی تێکڕای هێزە شیعەکان هەڵوێستیان لەسەر نەوت پشتیوانیکردنی باڵادەستکردنی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ)یە بۆ فرۆشتن، نوێنەرەکانیشیان لە پەرلەمان زوو زوو داتا و لێدوانەکانی ئەم کۆمپانیایە دەکەنە بەڵگە لەسەر ئەوەی هەرێمی کوردستان پابەندی یاسای بودجە نەبووە، یان چەندی فرۆشتووە و داهات و نرخەکەی چەند بووە. لە چوارچێوە گشتییەکەی دۆسییەکەشدا شیعەکان داوای گەڕانەوە بۆ دەستوور دەکەن، بەبێ چوونە نێو وردەکاری و بەگوێرەی ڕاڤەی خۆیان کە پێداگرە لەسەر ئەوەی دۆسیەی نەوت دۆسیەیەکی فیدراڵییە و دەبێت مەرجەعیەتەکەی وەزارەتی نەوتی فیدراڵیی عێراق بێت، هیچ هێزێکی شیعەش هەڵوێستێکی جیاواز لەوەی نییە، بە سەدرییەکانیشەوە، بەتایبەت لە پاش دەرچوونی بڕیاری دادگەی فیدراڵی لە نێوەڕاستی شووباتی 2022 کە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی بە نادەستووری ناساند و دادگەکەش بەلای ئەوانەوە لەو پرسانەی کە مەبەستیانە نزیك دەبێتەوە لە پیرۆزی.

ئێستا، کە بڕیارەکەی ICC دەرچووە، دۆخی نێوماڵی شیعە لە دۆخی چاوەڕوانی و گوێ هەڵخستنە بۆ کۆمەڵێك پێشهات کە سێبەریان بەسەر کەشی سیاسیی عێراقەوەیە. لە ئەزموونی قەیرانی دۆلاردا تێگەیشتن ڕایەڵ و پەیوەندییە دەرەکییەکانیان لاوازە و نایانەوێت بە ئاشکرا و بە زەقی و بە گۆشەی تیژ بچنە دژایەتیی هیچ بەرژەوەندییەکی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا، لەوانەش ئەو کۆمپانیا نەوتییانەی لە هەرێمی کوردستان هەیانە، ناشیانەوێت خۆیان وا دەربخەن لەم دۆخەی شەڕی ئۆکرایناندا ئەمان هۆکاری بەرزکردنەوەی نرخی نەوتن لە ڕێگەی ڕاگرتنی هەناردەی دەوروبەری نیو ملیۆن بەرمیل نەوتەوە، هەر لەم چوارچێوەیەشدا تەنانەت دەستبەرداری زەقکردنەوەی ئەوە بوون کە بڵێن "ئیسرائیل سوودمەندی نەوتی هەرێمی کوردستانە."

لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراقیش گەورەترین ئاڵنگاریی بەردەم ماڵی شیعە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی کۆتایی 2023 و چاودێریکردنی بەردەوامی پلان و جموجۆڵەکانی موقتەدا سەدرە کە سەرچاوەی نیگەرانی و دڵەخورتێی هەموویانە پاش ئەوەی بە کۆمەڵ ناچاریان کرد گۆشەگیر ببن و جڵەوی ئەم خولە "پێنجەم" بداتە دەست چوارچێوەی هاوئاهەنگیی شیعەوە، لە دۆسیە و تەوەرەشدا پشتیوانی هەرێمی کوردستان و لانیکەم هەولێریان پێویستە بۆ ئەوەی لە لایەك بۆشایی سەدری پێ پڕبکەنەوە و بۆ تێپەڕاندنی یاسا و پرۆژەکانیان هاوئاهەنگییان هەبێت، لە لاکەی دیکە ئەگەر سەدر دەرکەوتەوە ئەوە بە تەنیا نەبن کاتێك بەرەنگاری دەبنەوە، بەتایبەت کە هێشتا هیچیان بۆ سوننەکان نەکردووە و ناڕەزایی و ڕەخنەی ئەوانیش ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە.

بەگوێرەی ئاماژە و پێداگیرییە ڕاگەیێندراوەکانی هێزە شیعەکان لەم خولەی پێنجەمدا خوازیاری دۆزینەوەی چارەسەری بنەڕەتین بۆ دۆسیەی نەوت و بودجە و خستنەسەرڕێی پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەڵام بەهۆی ئەوەی دۆسیەی نەوت کۆدەنگیی شیعەی پێویستە، دەترسن لە ریسککردن و پێدانی پاساو بە دەستی سەدرەوە کە تۆمەتباریان بکات بەوەی لەبەر بەرژەوەندیی خۆیان دەرفەتی زۆر گەورەیان بە هەرێمی کوردستان داوە و بنەماکانی دەوڵەتی عێراقیان لاواز کردووە.

بەهۆی ئەوەش کە عێراق کەوتووەتە ساڵی هەڵبژاردنەوە، پۆپۆلیزمی شەقام لە لایەك و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی چوارچێوەی شیعەش ڕۆڵ و کاریگەریی گەورەیان دەبێت لە ئاراستەکردنی هەڵوێستی هێز و جەمسەرە جیاوازەکان و بە گوێرەی ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو هێزە سیاسییەکانی شیعە شەقام و وێنەی خۆیان لە بەغدا و باشوور ناگۆڕنەوە بە هیچ دەستکەوتێکی دیکەی دوورمەودا، هەرچەند ستراتیژییش بێت لە چەشنی چارەسەرکردنی هەندێك لە کێشە کەڵەکەبووەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان و تاوەکو ئێستاش هەر ئەم هاوکێشەیە بەرکارە.

بڕیاری ساڵی ڕابردووی دادگەی فیدراڵیی عێراق، کە بەگوێرەی زانیارییەکان بووەتە یەکێك لە هاندەرەکانی دادگەی ICC لە پاریس و بڕیارە نوێیەکەی دەستەکەش کە شەرعیەتێکی نێودەوڵەتیی هەیە، هۆکارێکی هێندە بەهێزی داوەتە دەست بەغدا و هێزە حوکمڕانەکانی ئێستا کە بێ پێویستییان دەکات لەوەی چیدی وەکو سەردەمی کارکردنی حوسێن شەهرستانی لە دۆسیەی نەوت (2006 - 2010) شەڕی میدیایی و ململانێی گەورە بکەن و جگە لە پەرلەمانتارێکی دیاری عەسایب و هەندێکی دیکەی وەکو مستەفا سەنەد و عالیە نسەیف، کەسی دیکەیان بە ئاشکرا کاردانەوەی دڵخۆشانەیان لەسەر بڕیارەکە نەبووە.

ئەم دوو بڕیارە ناوخۆیی و دەرەکییەی کە لە دوو ساڵدا دەرچوون، نەك هەر لەسەر دۆسیەی نەوتی هەرێمی کوردستان، بەڵکو لێکەوتەی لەسەر کەرتی گازیش دەبێت کە هەرێمی کوردستان وەکو دەرفەت دەیخستە بەردەم ئەمریکا و ئەوروپا، لەمەش گرنگتر

لەسەر دەنگە فیدراڵیخوازەکانی شاری بەسرە و باشووری عێراقیش کە خەونی ئەوەیان هەبوو دەرفەتێك هەبێت لەجیاتی پارەدارکردنی بودجەی فیدراڵی و بەغدا سامانی نەوتی شارەکە بخەنە خزمەت پرۆژەی "هەرێمی بەسرە"وە، هەروەها لێکەوتەکانی درێژەش دەکێشێت بۆ سەر هەر پارێزگا و ناوچەیەکی دیکەی عێراق لە چەشنی ئەنبار و نەینەوا کە قسەوباسی ئەوەی تێدا بکرێت گوایە پشت ئەستوور بە سامانە سرووشتییەکانی نەوت یان گاز یان هەر سامانێکی دیکە جۆرێك لە حوکمڕانیی خۆجێیی بێمنەت لە بەغدا بنیات بنێت و ئەمەش دەچێتە خزمەت ستراتیژی هێزە شیعەکانەوە کە دەمێکە وازیان لە پرۆژەی فیدراڵیزمی نێوەڕاست و باشوور هێناوە و پاش گۆشەگیرکردنی سوننە و گەمارۆدانی دارایی هەرێمی کوردستان، پرۆژەکەیان بووەتە هۆی بەهێزکردنی ناوەند، بەتایبەت هەر هیچ نەبێت لەڕووی دارایی و ئابوورییەوە.